## ٤_باب

## الخوف من الشرك

وقول الله عز وجل:(إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء) النساء ٤٨ وقال الخليل عليه السلام:(واجنبني وبني أن نعبد الأصنام) ابراهيم ٣٥ وفي حديث: (أخوف ما أخاف عليكم الشرك الأصغر) ، فسئل عنه فقال: (الرياء) وعن ابن مسعود رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: (من مات وهو يدعو من دون الله نداً دخل النار) [رواه البخاري]. ولمسلم عن جابر رضي الله عنه، أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: (من لقي الله لا يشرك به شيئاً دخل الجنة، ومن لقيه يشرك به شيئاً دخل النار).

**********

[بـــاب الخوف من الشرك] واتـه : ( باسـى ترسـان لـه هاوبـەش دانان _شـرك_ ) . هاوبـەش دانـان _ شـرك_ : بڕوابون و دان نانه بەوەی کـه خـوای گـەورە هاوبـەشـی هەیـە جـا دانـانی ئـەو هاوبەشــە لــە زاتی خـــوا دابـێ یـان لــە نــاوو یـان لــە ســیـفـەتەکانی یان لە پەرسـتن . یان لە خاوەنێتی و بە دیهێنان و بەڕێوە بردنی بـونەوەردا بـێت . ئـەوە خــوای بەرز بە گـەورەترین تاوانی داناوەو خاوەنەکـەی لە ئیـسـلام ئەباتە دەرەوە . وە تا هاتایە لە دۆزەخ ئەبێ ئەگـەر تەوبەی لـێ نەکات لە پێش مـردنی .

### جۆرەکـانی هاوبـەش دانان بۆ خوا :

١ _ گـەورەتریـنی هاوبـەش ( الشرك الاكبر ) : ئەنجام دانی جـۆرێك لـە جـۆرەکـانی پەرسـتـنە بۆ غـەیری خوا بە هەر نیازو مەبەسـتێکـەوە بێت یان بۆ هەر کـەسـێك و دروسـت کـراوێك بێت . هـەروەها سـیـفـەتێك یان ناوێکـی خـوا ببەخشـی بە غـەیری خـوا . وەك پاڕانەوەو داوا کـردن لـە غـەیری خـوا لـە مردوان و پیاو چاکـان . یان بڕوا بوون بەوەی غـەیری خـوا زانسـتـی غـەیب ئـەزانـێ . یان کـەسـێکـت وەك خـوا خـۆش بوێ و وەك خـوا لـێی بترسـی .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

٢_ بچوكترين هاوبەش دانان ( الشرك الاصغر ) : هەموو ووتەو كردەوەيەكە كە مرۆڤ بەرەو هاوبەشى گەورە ئەبات . بەو مەرجەى نەگاتە پلەى پەرستن . وە ئەوە لە ئيسلام ناخاتە دەرەوە بەلاّم لە گەورەترينى تاوانە گەورەكانە . وەك : سويند خواردن بە غەيرى خوا . يان نويژ تەرك كردن . يان ريا كردن كە چاكەيەك بكەى بۆ خوا بەلاّم حەز بكەى خەلّكيش پيى بزانن و ببينن .
٣_ هاوبەش دانانى شاراوە ( الشرك الخفي ) : عبدالله ى كورى عباس رەزاى خوايان لە سەربىَ ئەم جۆرە هاوبەشەى بەوە ليك داوەتەوە كە بە كەسيك بلّيى ( ما شاء الله وشئت ) واتە : خواو تۆ ويستان لەسەر بىَ . ويستى كەسيك بينيتە ريزى ويستى خوا پيغەمبەريش صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمويەتى : ( ولا تقولوا ما شاء الله وشاء فلان ولكن قولوا ما شاء الله ثم شاء فلان ) رواه احمد صحيح واتە : مەلّين خواو فلان ويستيان لە سەربىَ . بەلّكو بلّين خوا ويستى لە سەر بوو پاشان فلان . وتەى پاشان لە گەلّى بلّىَ يانى ويستى فلان لە پاش ويستى خوايە نەك لە گەلّ ويستى خوا . وە ئەم كتيبە تا كۆتايى بۆ رونكردنەوەى جۆرەكانى هاوبەش دانانە و باسى يەك خوا پەرستيە خوا ئاسانى بكا بتوانين هەر باسەو لە شوينى خۆى بە دريژى روونى بكەينەوە ان شاء الله خوا بۆ مانى ئاسان بكات .
وە ئەو باسە وەك تەواو كردنى باسى پيشووە چونكە ئەوەى برواى پتەو بىَ و بەتەواوى يەكخوا پەرستى بينيتە دى ئەوە لە خۆ بايى نابىَ . بەلّكو لە هەموو كەس زياتر ئەترسىَ توشى تاوان و هاوبەش دانان بىَ بۆ خوا . وە لەخۆ بايى بوون نيشانەى هاوبەشدانەرانە . وەك لەو باسە بۆمان روون ئەبيتەوە.
[وقول الله عز وجل: (إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء)]
واتە : وە فەرمودەى خواى عز وجل : ( خوا لەوە خۆش نابىَ كە هاوبەشى بۆ بريار بدرىَ بەلاّم لەو تاوانانەى تر_كە نەگەيشتونەتە پلەى هاوبەش دانان و بچوكترن_ خۆش ئەبىَ لە هەركەسيك بيەوىَ ) . لە تەواوى ئايەتەكە خواى بەرز ئەفەرموىَ : ( وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْماً عَظِيماً ) واتە : ( هەر كەسيك هاوبەش بۆ خوا دابنىَ ئەوە تاوانيكى گەورەى هەلّبەستاوە و بوختانيكى گەورەى كردوە ) . ديارە تاوانيك وا ناشيرين بىَ و بەهيچ جۆريك خواى بەرز ليى خۆش نەبىَ ئەبىَ ليى بترسين نەوەك لە خۆمان بايى بين و بلّيين ئيمە توشى نابين .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

[وقال الخليل عليه السلام: (واجنبني وبني أن نعبد الأصنام)] واتـه : خـەلیلی خوا علـيه الـسلام ئەفەرمـوێ ـ ئەمە لە قورئانا خوای بەرز بۆمان ئەگێڕێتەوە لە ئیبراهیم علـيه السلام کە فەرمویەتی ـ : ( ئەی پەروەردگارم خۆم و منالەکانم ـ نەوەکـەم ـ دوور بخەیـتەوە لـەوەی بت بپەرستین ) . وە لە ئایەتەکەی پاشی ئەفـەروێ : ( رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ ) ابراهيم ٣٦ واتە : ( ئەی پـەروەردگارم ئـەو بتانە زۆربەی خەڵکیان گومڕا کردووە ) . ئەوە ئیبراهیم عليه الصلاة والسلام کـە باوکـی پێغەمبەرانەو پێشەوای بڕوادارانە . وە لەسەر تەنها خوا پەرستی وازی هێنا لە باوکی و لە قەومەکەی جێی هێشتن . وە لە سەر تـەنها خـوا پەرسـتی خـستیانە نـاو ئاگـر و خـۆ ڕاگر بوو . ئەو لەوە بترسێ توشی هاوبەش دانان بێ و داوا بکا لە خوا دووری بخاتەوە لە بت پەرستی . ئەی ئەبێ ئێمە چۆن نەترسین ! با بزانین ئەو کەسەی بەڕاستی بڕوادار بێ ئەوە لە هەمـوو کـەس زیاتر ئەترسـێ لـەوەی توشی تاوانی هاوبەش دانان بێ بۆ خوا چـونکە ئـەزانێ گەورەترین تاوانە و خوا لێی خۆش نابێ . با سـەیری ئیبراهیم بکـەین علـيه الـصلاة والـسلام و دەرس وەربگـرین لەو چونکە خوای گەورە فـەرمانی پێمان داوە کە لەسەر ئەو دینە بین کە ئیبراهیمی لە سەر بووە (قُلْ صَـدَقَ اللّـهُ فَاتَّبِعُواْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفاً وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ) ال عمران ٩٥ وە با چاو لە باشـترینی خـەڵك لـە پـاش پـێغەمبەران علـيهم الصلاة والسلام هاوەڵەکانی پێغەمبەرمان صلى الله عليه وعلى اله وسلم بکەینەوە ابن ابي مليكة ئەفەرموێ : ( ادركـت ثلاثين من اصحاب النبي صلى الله عليه وعلى اله وسلم كلهم يخاف الـنفاق على نفسه ) رواه البخاري واتە : ( گەیشتم بە سی هاوەڵی پێغەمبەر صـلى الله عليه وعلى اله وسلم هەموویان ئەترسان لە نیفاق لە سەر نەفسی خـۆیان ) ئـەی ئێمە چۆن لە خۆمان بایی بین و وابزانین ئیتر ئێمە توشی تاوان نـابین و توشـی هاوبـەش دانـان نابین . ئایا دەبێ ئێمە خۆمان لەوان بە باشتر بزانین ؟!

[وفي حديث: (أخوف ما أخاف عليكم الشرك الأصغر)، فسئل عنه فقال: (الرياء)] واتـە : وە لە فەرموودە هاتوە ـ فەرموودەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسـلم ـ : ( ترسـناکترین شـت لـێی ئەترسـم لە سەر ئێوە بچوکترین هاوبـەش دانانە ـ الشرك الاصغر ـ . پرسیاریان لێ کرد دەربارەی ئەو هاوبەش



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دانانه فەرموی : ڕیا كـردنه ) ڕیا كـردن چاكـەیەك و خوا پەرسـتیەك ئەنجام بدەی بـۆ خوا بەلاّم پێت خۆش بێ خەڵك ببینن و مەدحت بكەن . وەك ئەوەی نوێژ درێـژ بكـەیەوە بۆ ئەوەی بڵێن موسـڵمانی چاكه . یان زەكات بدەی لە بەرچاوی خـەڵك تـا بڵـێن خـێر كـەرە و شـتی تر . ئەوە ئەگـەر بەو شـێوە بوو هاوبەشـی بـچوكەو لە تاوانه گـەورەكـانه . بەلاّم كـەسێك ڕاسـتەو خۆ كارەكـه بۆ غـەیری خـوا بكـات ئەوە هاوبەشـی گـەورەیەو پێی لە ئیسلام دەر ئەچێ . وەك ئەوەی كـەسـێ نوێـژ بـۆ خەڵك بكـات نەك بۆ خوا پەنا بە خـوای گـەورە _ لـەم كـتابە باسـێكـی تایـبەت هـەیـه بـه ڕیاكردن ئەو كاتەی گـەیشـتینه سـەری بە درێژی باسـی ئەكـەین ان شـــاء الله _ . ئـا لـەو فـەرمـودەش بـۆمان دەر ئەكـەوێ كـه چاكـترین كـەس و نزیكـترین كـەس لەخوا ئەبێ بترسـێ لەوەی توشـی هاوبەش دانـان بـێ و لـه خۆ بایی نەبێ . ئەوە پێغـەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بە هـاوەڵە بەڕێزەكـانی ڕەزای خوایان لە سـەر بێ ئەفـەرموێ من لە هـەموو شـتێ زیاتـر لـه سـەر ئێوە لێـی بترسـم هاوبەش دانانی بچوكـه یان بچوكـترین هاوبـەش دانانـه . ئـەی ئـەبێ ئـێمه و لـەو سـەردەمەش چـۆن نەترسـین كـه نەفامـی و نەزانی زۆر بلاّوەی كردوە بە پێچەوانەی سـەردەمـی هاوەڵە بەڕێزەكـان ڕەزای خـوایان لە سەر بێت كـه لە سـەردەمێك بوون لە گـەڵ پێغـەمبەری خوا صـلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەژیان و سـەردەمـی زانسـت و چاكـترین سـەدەی ئیـسلامـی بوو . [ وعن ابن مسعود رضي الله عنه أن رســول الله صلى الله عليه وسلم قال: (من مات وهو يدعو من دون الله نداً دخــل النار) رواه البخاري.] واتـه : وه لە عبدالله ی كـوڕی مـسـعـود خوا لێـی ڕازی بێ ئەگـێڕێتەوە كـه پێغـەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فـەرمویەتی : ( هـەر كـەسـێك بمرێ و داوا و پەرستـنـێك بـۆ غـەیری خوا بۆ كـەسێك ئەنجام بـدات و بیهێنـێته ڕیزی خوا . ئەوە ئەچێته ناو ئاگرەوە ) . پەنا بەخـوا ئەوە لە بـەر ئەوەی هاوبەش دانان بۆ خـوا گـەورەترین سـتـەمـه و گـەورەترین تاوانه خـوای بـەرز ئەفـەرموێ ( ان الشرك لظلم عظيم ) وه پێغـەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسـلم لـێ یـان پرسـی چ تاوانێك لە هەموو تاوانێك گـەورەتره فـەرموی : ( ان تجعـل لله نـدا وهـو خلقك ) واتـه : ( كـەسێك بێنیته ڕیز و هاوشـێوەی خـوا و بیپەرسـتی خـواش تـۆی دروسـت كـردوه ) بەڕاسـتی تاوانێكـی بێزراوو ناشـیرنه خـوا تـۆی دروسـت كـردوه كـەچـی تۆ كـەسێك بپەرستی كـه ئەویش هەر خوا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دروستی کردوه هیچی بۆ خۆی بە دەست نیە جا بۆ تۆ ! ئەبێ ئەمانەی ئەم تاوانە ئەکەن زۆر گەمژەو بێ عەقل بن . ئەی لەوە بێ عەقڵ تر ئەبێ واز بێنی لە پاڕانەوە لە پەروەردگاری ئەرزو ئاسمان و بچی لە گۆڕی پیاو چاکێك یان شێخێك بپاڕێیتەوە . کە ئەگەر زیندوو بوایە نەی ئەتوانی بۆ خۆی شتێ بکا جا مردوش بێ و فریای تۆ بکەوێ !!! ئەمە ئەو پەڕی بێ عەقڵی و نەفامیە بۆیە خوای بەرز ئەفەرموێ : ( ومن يبتغي عن ملة ابراهيم الا من سفه نفسه ) واتە : ( کێ هەیە لا بدالە دینی ئیبراهیم _ کە تەنها پەرسن و داوا کردنە لە خوا _ ئیللا کەسێك کە کەم عەقڵ و کاڵ فام بێ ) . [ ولمسلم عن جابر رضي الله عنه، أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: (من لقي الله لا يشرك به شيئاً دخل الجنة، ومن لقيه يشرك به شيئاً دخل النار).] واتە : وە لە موسلیم لە جابر خوا لێی ڕازی بێ ئەگێڕێتەوە . کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمویەتی : ( هەر کەسێك بگات بە خوا و هیچ هاوبەشی بۆ بڕیار نەدا ئەوە ئەچێتە ناو بەهەشتەوە . وە هەر کەسێك بگات بەخوا هاوبەشێکی بۆ بڕیار بدا ئەوە ئەچێتە ناو ئاگرەوە ) . دە با بترسین لەوەی توشی هاوبەش دانان بین و بە نەفامی و لەسەریشی بمرین ئەو کات ماڵمان وێران ئەبێ و جێگەمان دۆزەخ ئەبێ پەنا بە خوای گەورە ئەگرین .

**هەندێك لە زیانەکانی هاوبەش دانان بۆ خوای بەرز**

١_ هاوبەش دانان بۆ خوا سەرچاوەی دروست بوونی دڵە ڕاوکێ و دڵ تەنگی و ترسەو هۆی چونە ناو ئاگرە . خوای بەرز ئەفەرموێ : ( سَنُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرُّعْبَ بِمَا أَشْرَكُواْ بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَاناً وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ وَبِئْسَ مَثْوَى الظَّالِمِينَ ) ال عمران ١٥١

٢_ هاوبەش دانان بۆ خوا هەموو چاکەکانت پوچەڵ ئەکاتەوەو هیچت لێ وەر ناگیرێ و زەرەرمەندی دونیاو دوا ڕۆژت ئەکات خوای بەرز ئەفەرموێ : ( ذَلِكَ هُدَى اللّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَلَوْ أَشْرَكُواْ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ) الانعام ٨٨ هەروەها ئەفەموێ : (وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ) الزمر ٦٥

٣_ هاوبەش دانان بۆ خوا هۆی چونە ناو ئاگری دۆزەخە بە هەتا هەتایی و حەرام بونی بەهەشتە بە هەتا هەتایی ئەگەر کەسێك تەوبە نەکاو لە سەر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هاوبەش دانان بۆ خوا بڕی خوای بەرز ئەفەرموێ : ( إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللّهُ عَلَيهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ) المائدة ٧٢

٤_ هاوبەش دانان بۆ خوای گەورە گەورەتری و دیارترین هۆیە بۆ لاوازی و بێ هێزی کۆمەڵ و تێك چونی شیرازەی خەڵك و پارچە پارچە بونیان و دەرکەوتنی دیاردەی حزب حزبێنەو لە یەك ترازان ، خوای بەرز ئەفەرموێ : ( وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ . مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعاً كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ) الروم ٣١_٣٢

٥_ هاوبەش دانان بۆ خوا گەورەترین تاوانە هەر کەسێك لە سەری بمرێ و تەوبەی نەکردبێ قەت خوای بەرز لێی خۆش نابێ و هەتا هەتایە لە ناو ئاگر ئەبێت خوای بەرز ئەفەرموێ : ( إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاءُ وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْماً عَظِيماً ) النساء ٤٨

جا ئەی خوشك و برای بەڕێز با بە هەموومان بە هەموو شێوازێك و شێوەیەك ئەوەندەی لە توانامان هەیە خۆمان و خەڵك ئاگادار بکەینەوەو بترسێنین لەو تاوانە ناشیرینە _ هاوبەش دانان بۆ خوا _ ، وە با قسەی سیاسەت بازو ئارەزو ویستان وامان لێنەکا واز لەو بانگەوازە بێنین ، چونکە خەڵکانێك هەن گومان ئەخەنە دڵی موسڵمانان ، ئەڵێن ئێستا کاتی ئەوە نیە باسی ئەم شتانە بۆ خەڵك بکەین بە قسەی ئەوان دەڵێن جارێ شتی لە پێشترو زەرورەت تر هەن ، ئەڵێن با ئێمە جارێ حکومەتمان بکەوێتە دەست و کورسی مسۆگەر بکەین ، ئەو کاتە ئەم شتانە بە خەڵك ئەڵێین ئێستا پێ یان بڵێین کەس بە دوامان ناکەوێ ! ئاخ کە ئەمانە و هاو شێوەکانیان چاند زیانیان بە موسڵمانان گەیاندوە بەو گومانە ژەهراویانەیان ئەیانەوێ واز بێنین لە باس کردنی گەورەترین تاوان و خەڵکی لێ ئاگادار نەکەینەوە بۆ ئەوەی ئەوان کورسی مسۆگەر بکەن ! با بزانین پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە مەککە لە گەڵ ئەو هەموو ئازارانەی ئەهاتە پێشیان لە برسێتی و سزادان و گرتن و .... بەلام کە کافرەکان ئەهاتن پێ یان ووت ئەگەر ئەتەوێ ئەتکەین بە گەورەی خۆمان و خاوەن کورسی بێ پرسی تۆ هیچ شتێ ناکەین ، ئەگەر ئەتەوێ پارەت بۆ کۆ ئەکەینەوە تا ئەبی بە دەوڵەمەند ترین کەس ، ئەگەر ئەتەوێ جوانترین ژنت بۆ هەڵ ئەبژێرین ، تەنها باسی بت و پەرستراوەکانمان مەکەو عەیب داریان مەکە ، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وعلـــى اله وسلم ڕازی نه ئەبوو چونكه بانگەوازی ئەو بۆ كـورسـی و پارە و دونیا نەبـوو . بـۆ ئـەوە بـوو كـە خەڵك واز بێنن لە هاوبەش دانان بۆ خوای بەرز . وە هەندێ كەس پەیدا بوون ئەڵێن كەی كاتی ئەوە ماوە كە باسی هاوبەش دانان بكـرێ ! خـەڵك هەمووی موسڵمانەو خوا ئەپەرستێ ! ئاخ ئەمە چ درۆیەكـی شـاخ دارو دوورە لـە ڕاسـتی ئەوە نیە لە بەر دەمان لە چ شارێك و چ لادێیەك نیە خەڵك بە نوێژی نیوەڕۆ نەچنە سەر گۆڕی ئەوانەی پێ یان ئەڵێن پیاو چاك و لـە غەیـری خـوا داوایـان لـێ نەكـەن . ئەی چەند جار لە ڕۆژێكا گوێمان لە خەڵكـی نزیكـی خۆمان ئەبێ كە هاوار لە غەیری خوا ئەكات لە مردوان ! خۆ ئەگـەر لـە حاڵەتـێك ڕاسـتیش بـوایە هاوبـەش دانان نەبوایە ئەوا هەر ئەبوا باسی بكـەین و خەڵكـی لـێ بترسـێنین ئەوە نیە پێغەمبـەری خوا صلى الله عليه وعلـــى اله وسلم هاوەڵـە بەڕێـزەكانی خوا لـێ یان ڕازی بـێ ئەترسـاند و ئاگاداری ئەكـردنەوە لە هاوبەش دانان و ئەیوت من لە هەموو شـتێ زیاتر لێـی ئەترسـم توشـی ئێوە بـێ هاوبەش دانانە بۆ خوا هاوبەشـی بچوك . ئەشزانین ئەوان ماڵ و مـناڵ و خۆشیان و نیشتیمانیان فیدای خوا كردبوو وە لەهەموو كـەس دوور تـر بـوون لـە هاوبـەش دانان . تۆ بڵێـی ئەم جۆرە كەسانە ئەوەندە لە خۆ بایی بـووبن كە وا بزانن ئەوان لە هاوەڵەكان خوا لـێ یان ڕازی بـێ وە لە پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام باشـترن و لەخواترس ترن و زاناترن !

فيه مسائل: واتە : ( ئەو باسە چەند مەسەلەیەكـی تێدا ) .

الأولى: الخوف من الشرك. واتە : ( یەكەم : ترسان لە هاوبەش دانان ) چونكـە بـۆمان ڕوون بـۆوە كـە گەورەتـرین تاوانـەو خـوای گەورە لە كـەسێ خۆش نابێ لەسەر ئەو تاوانە بمرێ و هەتا هاتایە لە ناو ئاگر ئەبێت .

الثانـية: أن الـرياء مـن الشرك. واتە : ( دووەم : ڕیا كردن لە هاوبەش دانانە ) ئەوەش باسمان كرد یان هاوبەشـی گەورەیە یان بچوك .

الثالـثة: أنـه مـن الـشرك الأصغر. واتە : ( سێهەم : ڕیاكردن لە بچوكترین هاوبـەش دانانـە ) ئـەوە ئەگـەر تـۆ كارێك بۆ خوا ئەنجام بدەیت و حەز بكـەی خەڵكیش ببینێ . بەڵام ئەگەر بۆ غەیری خوا پەرستن بكەی ئەوە هاوبەشـی گەورەیە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

الرابعة: أنه أخوف ما يخاف منه على الصالحين. واتـه : ( چـوارەم : ترسـناكـترين شـتـه كـه لـێی بترسـێ لـه سـەر چـاكـەكاران توشـيـان بـێ ) واته ڕيا كـردن مـەترسێ لە هـەموو شـتێ زياترە لەسـەر خوا پەرستان و چاكـە كاران ، ئەوەش وەك لـە فـەرمـودەی پـێغـەمبەری خـوا صـلى الله علـيه وعلى اله وسلم بۆمان دەركـەوت كـه لـه هەموو شـتێ زياتر ئەترسا توشـێ هاوەڵەكانی بێ ڕيا كـردن بـوو . لە بەر ئەوە با كـەس لە خۆ بايی نەبێ بەوەی چاكە ئەكات . با بەردەوام بترسـێ لە توش بوونی بەو نەخۆشيە كە چاكـەكەی پوچەڵ ئەكاتەوە زەرەر مەندی ئەكا لە دونياو دوا ڕۆژ .

الخامـسة: قـرب الجـنة والـنار . واته : ( پێنجـەم : نزيكـی بە هـەشت و ئاگر _دۆزەخ_ ) زۆر نـزيكـن هـەر كـەسـێ هاوبـەش بۆ خوا بڕيار بداو لە سـەری بمرێ ئەچـێتە ئاگـرەوە . بـا پێشـتريش خـوا پەرسـت و چـاكـەكار بـووبێ . وە هـەر كـەسـێ تەو بە بكات و لە سـەر يەك خوا پەرسـتی بمرێ ئەچێتە بەهەشـتەوە . بـا پێشـتريش هاوبەشـی بڕيار دابێ و تاوان بار بووبێ . ئەوەش لە فـەرمودەكانی پێغـەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بۆمان ڕوون بۆوە پێشـتر باسـمان كـردن . ئـەوە دەبێ ترس بخاتە دڵمانەوە و لە خۆ بايی نەبين چ شـتێ وامان لێ ئـەكـات دڵـنيا بـين كـە توشـێ هاوبـەش دانـان نابين . كـە پێغـەمبەران عليهم الصلاة و السلام ترسـاون توشيـان بـبێ .

السادسة: الجمع بين قربهما في حديث واحد. واتـه : ( شـەشـەم : باسـی نزيكـيان _بەهەشـت و دۆزەخ_ و كـۆكـردنەوەيان لە يەك فەرمودە ) لەو فـەرمودەی كـە جابر خوا لێی ڕازی بێ ئەگـێڕێتەوە .

الـسابعة: أنه من لقيه لا يشرك به شيئاً دخل الجنة. ومن لقيه يشرك به شيئاً دخل الـنار ولو كان من أعبد الناس. واته : ( حـەوتەم : ئەوەيە هەر كـەسێ بگـات بە خـوا كـە هيچ هاوبەش بۆ خوا بڕيار نەدا . ئەوە ئەچـێتە بەهەشـتەوە . وە هـەر كـەسێك بگـات بە خوا شـتێك لە هاوبەش دانانی بۆ خوا بڕيار دابێ ئەچێتە ناو ئاگـرەوە ئەگـەر لە هەموو كـەسێش زياتر خـوای پەرسـتبێ ) ئەگـەر هاوبەشـی گـەورەی بڕيـار دابـێ ئەچـێتە ئاگـرەوە هـەتا هەتايـە و بەهەشــت لە سـەری حـەرامە . وە ئەگـەر هاوبەشـی بچوكـی بڕيار دابێ ئەوە ئەچێتە ناو ئاگر تا پاك ئەبێتەوە يان خوا ڕەحمـی پێ ئەكات ئينجا ئەچێتە بەهەشت .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

الثامــنة: المســألة العظــيمة: سؤال الخليل له ولبنيه وقاية عبادة الأصنام. واته ( هەشتەم : مەسەلەیەکی گەورەیە : داوا کردنی خەلیلی خوا لە خوا بۆ خۆی وە بۆ منداڵەکانی کە بیان پارێزی لە بت پەرستی ) بەڕاستی ئەوە شتێکی گەورەیە ئەگەر تێی بگەین ئەگەر خەلیلی خوا ترسابێ لە بت پەرستی لە گەڵ ئەوەی لە هەموو کەسێ دوور تر بووە لە بت پەرستی و خۆشەویستی خوا بووە کە ئەو پلەو پایەی ئەو هەیەتی نەمان زانیوە کەسێکی تر هەبێ لە غەیری پێغەمبەرمان موحەممەد صلى الله علي وعلى اله وسلم ئەویش پلەی خەلیلیە لای خوا کە بەرز ترین پلەی خۆشەویستیە ، دەباشە ئەبێ ئێمە چۆن نەترسین ؟!

التاســعة: اعتباره بحال الأكثر، لقوله: (رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ) ابراهيم ٣٦ . واتە : ( نۆیەم : عیبرەت وەرگرتني لە حاڵی زۆری خەڵك . لە بەر فەرمودەی : {ئەی پەروەردگارم ئەو بتانە زۆربەی خەڵکیان گومڕا کردووە } ) دەی با ئێمەش عیبرەت وەر بگرین ئەوە ئەبینین بە چاوی خۆمان کە چۆن خەڵك گومڕا بوون بە گۆڕ پەرستی و شەخس پەرستی . دەبا لە خوا داوا بکەین دوورمان خاتەوە لەو تاوانەو بمان پارێزێ نەك لە خۆمان بایی بین ، خۆ کەس جورئەتی ئەوەی نیە بڵێ من لە ئیبراهیم باشترم و زیاتر لە خوا ئەترسم !

العاشرة: فيه تفسير (لا إله إلا الله) كما ذكره البخاري. واتە : ( تەفسیری { لا اله الا الله } ی تێدایە هەر وەك بوخاری باسی کردووە ) واتە بۆمان دەر ئەکەوێ کە مانای لا اله الا الله یانی واز هێنانە لە هەموو جۆرەکانی هاوبەش دانان و تەنها پەرستني خوا .

الحاديــة عــشرة: فــضيلة مــن ســلم مــن الشرك. واتە : ( یانزەهەم : فەزلی ئەوکەسەی کە سەلامەت بێت لە هاوبەش دانان ) لای خوا بەوەی ئەچێتە بەهەشتەوە .

**چاوەڕوانی باسێکی تر بن لەو کتابە ان شاء الله**

**باوکی حارث**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com